# کاک سەلاح ئەحمەدی یان ئەسحابەی تاقمی "ئەسحابی کهف"

ئەو ڕۆژانە وتارێکم لە ژێر سەر دێڕی " سەباح دشەیی یا خۆ......"، بە قەڵەمی کاک سەلاح ئەحمەدی لە "ئۆستراڵیا"وە، خوێندەوە.

مرۆڤ ئەگەر لە پێش دا وتارەکەی کاک سەباح دشەیی کە لە ڕێکەوتی ٠٥٠٥٠٧ لە kurdistannet.org دا بڵاو کراوەتەوە و دوایەش وتارە پڕ لە ڕق و کینە و دوور لە ئەدبەکەی کاک سەلاح ئەحمەدی هەر لەو سایتەدایە دەخوێنێتەوە، سەرەڕای ئاڵ و گوڕ و گوزەری گەورە لە زەمان و شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا دا، مروف وا هەسەت دەکا کە بەڕێز کاک سەلاح دەبێ یەکێک لە جەماعەتی" ئەسحابی کهف" بووبێ، کە پاش سەدان ساڵ غایب بوون تازە گەڕابێتەوە ناو کۆمەڵگاو گەلێک موژدەی دڵخۆشکەری پێ بێت، و یان تازە لە کورەیەکی ئاسمانیی دیکە ڕا تەشریفی هێنابێتە سەر زەوی و بە قەولی کوردان، کاکم بێ ئاگا لە غایب بوونەکەی بە ئارامی و بێ خەبەری لە گوێی گا دا بۆی نوستبێ و گێرەی لە دەورو بەری قەڵای هەولێرێ گەڕابێ.

کاک سەلاح بێ لێکدانەوە و بێ بەڵگە یەکجێ قەزاوەت دەکا و حوکمیش دەدا و فوو لە بلوێرێک دەکات کە ئەوانی پێش ئەویش هەر بەو چەشنە و لە سەر هەمان هەوا ئەو فوویەیان تێ کردووە کە بەڵێ: " دەبێ سەلاح دشەیی بە کرێگیراوی کۆماری ئیسلامی و دوژمن بێت، دەنا ئاوا( بەردی بە کابەی دا نەدەدا) و لە سەر سکرتێری حیزبی نە دەنووسی.. و دەبێ حەتمەن دەست خۆشانەی چاکیشی لە لە دوژمن وەرگرتبێ و ..... هتد".

لەو پێوەندی دا دەبێ عەرزی کاک سەلاح بکرێ کە ئەو چەکەی کاک سەلاح و هاوبیرەکانی ئەو کەڵکی لێ وەردەگرن زۆر لەمێژە کۆن بووە، ڕزیوە، کاریگەریی نەماوە و چۆتە خانەی ئەو تاوانە بێ بناغانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەی داتە پاڵ ئەو کەسانە کە بە شێوەیەک ڕەخنە لە بووچوونەکانی وەلی فەقێ دەگرن و بێ ڕاوەستان بە نۆکەری ئەمریکا و ئیسرائیل یان مووچەخۆری ئەوانیان دادەنێن.

کاک سەلاح بە گەز و ڕبەی خۆی دەپێوێ، هەر لە گۆشەنیگای خۆیەوە چاو لە خەڵکی دەکات و پێی وایە ئەگەر مروف حیزبی بێ، نابێ زمان و قەڵەمی باس و ڕەخنەی هەبێ و دەبێ وەک ئەو هەر" سەری نیری ڕاست کاتەوە". چاک وایە کاک سەلاح نەک لە بەرختاری حیزب، تەنیا لەبەر خۆێ جارێک بە پێرەو و پرۆگرامی حیزب دا بچێتەوە و بزانی کە ئەندام لە حیزب دا جگە لە ئەرک، مافیشی هەیە و باس و ڕەخنەی کاریگەر و ڕاستکەرەوە بەشێک لەو مافانەیە کە ئەندام هەیەتی.

کاک سەلاح پرسیارێک لە کاک سەباحی دەکات وبۆخۆی لە وڵامی پرسیارەکەی دا بێ هیچ بەڵگەیەک کاک سەباح بە داخ لە دڵ دادەنێ وهۆی داخ لە دڵ بوونەکشی بە سێ و تەرازووی خۆی ئاوا تەفسیر دەکات کە دەبێ کاک سەباح بۆیە ناڕەحەت بوبێ کە کاک مستەفا ئەوجار لە گەڵ دوو عەجەمان دانیشتوە و شەهید نەبوە، لێرەدایە بە قەولی کوردان:" لە بێ خەبەران کەشکەک سەلەوات" وادیارە کاک سەلاحی بەرێز کە بە قەولی خۆی حیزبیی کوورە گەرم و دوو ئاتەشەیە، بەداخەوە ڕۆژنامە و هەواڵەکانی حیزبیش ناخوێنێتەوە و هەر ڕەش ئاوێژ پێوەی دەنێ و لە تاریکی دا تیر داوێ . دەکرێ کاک سەلاح بفەرموێ ئەوانەی کاک مستەفا لە لەندەن لە گەڵیان دانیشتبوو، ئەگە ر عەجەم نەبوون ئەدی چ بوون ئەو جار لە کوێی نامەکەی کاک سەباح دا هاتوە کە دانیشتن لە گەڵ عەجەم، یان غیری عەجەم، عەیبە. بە ڕاستی لە کۆێی نامەی کاک سەباح دا هەست بە بیرێکی ئەوتۆ دەکرێ؟! بێ شک حیزب تا ئێستا جەنابیانی نەناسیوە، دەنا حەتمەن وەک خاوەن کەرامەت ئۆرگانێکی تایبەتی‌یان بۆ دەکردەوە و دەیانکرد بە پێشگۆ. جا کاک سەلاح ئەو جار دەیتوانی جگە لە وە کە لە حیزب دا بەشی ئەمنیەت ئیدارە بکا، خزمەتی گەورەش بە ڕێکخراوەکانی دیکە بکا و ئەوانیش لە کۆڵ ساز کردنی زۆر ئۆرگانی وەک پاراستن و ئاسایش بکاتەوە و ئیدی گەلی کورد لە سایەی هیممەت و بەرەکەتی کەرامەتی جەنابت لە لانکی ئارامی دا بە ئاسوودەیی بنوێ.

لێرەدایە کە دەبێ مروف عەرزت بکا کە هێشتا دار هەڵ نەهێندراوە جەنابت چەند کیلۆمیتر ڕات کردووە.

لە بەشێکی تری وتارەکەدا کاک سەلاح دەچێتە سەر نەسیحەت کردن و ڕێگا نیشان دان کە دەبێ مروف چلۆن حیزبایەتی بکات و چلۆن بە قەولی جەنابیان" اصول و مصوبەی پەسەند کراو و......لە نەزەر بگرێ و رعایەتیان بکات". کاک سەلاح جەنابت دەبوایە لە پێشدا فێری نەریتی ولام دانەوە بۆایەی و دۆایە هاتبایە مەیدان. دەبوو ئاماژە ت بەوە کردبا کە لە کوێی وتارەکەی کاک سەباح دا باس لەو قسانە کراوە، کە ئاوا باسی " مصوبە و..." دەکەی؟ چی بە سەر چی‌یەوە؟ بە ڕاستی ئەگەر " مصوبە و ئوسوولّ و..." لە بیر و بۆچوونی تۆ و هاوبیرانی تۆ دا جێگای هەباو بەڕێز کاک مستەفای هیجریش( لەگەڵ هەموو ڕێزم ) وەبەرچاوی گرتبان و نەیکردبانە قوربانیی دەستەبازی و خۆبەخۆیی، بۆ پەیمانی " قەدەخە بوونی دەستەبازی و باند بازی" کە لە کۆنگرەی دوازدە دا لە دایک بوو، ئاوا جوانەمەرگ دەبوو و حیزب ئەو دەردەی بە سەر دەهات کە ئێستا دەیبینی و هەر گوێشت پێی نابزوێ؟

کاک سەلاح دەبۆایە پێش کۆنگرە جەنابت و کاک سەباح ئەوانەتان بە " ڕێبەر" گوتبایە کە ئامان بڤەیە، نەکەی و نابی بڕیاری ڕوونی کۆنگرەی دوازدە لە سەر " مەنعی دەستە بەندی کردن بە نەهێنی" بشکێنی. سەیرە ئێستا ئەو دوو یارمەتی دەرە و بە تایبەتی کاک سەلاح پێش کۆنگرەی سێزدە ئەوەی لە بیر نەبووە کە دەبێ بڕیار چۆن بە ڕێوە بچن و ئەگەر بەڕێوەش نەچن، لانی کەم نەشکێن و نەبنە هۆی تێکدانی ڕیزەکانی حیزب، ئێستاش کاک سەلاح هەر ئاماژە بە بڕیارەکانی کۆنگرەی ١٣ دەکات وەک ئەوەی نە کۆنگرەی دیکە لەو حیزبەدا گیرابێ و نە بڕیاری دیکەش درابن. بەڵام ئێستا دوای نیزیک بە ساڵێک لە خەوی زستانی وەخەبەرهاتوە، پشتی بە تیشکی هەتاو گەرم داهاتووە، سللولەکانی مێشکی تازە وەکار کەوتوونەوە. هەر بۆیەش وا درەنگوەخت ئەو ڕێنوێنیانە دەدات بە ئەندامانی حیزب و بە قەولی خۆێ ڕەوشەنگەری دەکات. بە ڕاستی ئافەرین بۆ زیرەکی و بیرتیژیی کاک سەلاح!

کاک سەلاح لە بەشێکی تری وتارەکەی دا باس لە بڕیاری بازنشستەگی و.. دەکات و دەڵێ"دیارە پێشتر و لە کۆنگرەکانی رابردوو بە پێشنیاری گشتی بڕیار لە سەر بازنشستگی دراوە و بە تصویب گەیشتووە ، ئێستا بۆتە هۆی ئەوەی ئەو پیر و پاتاڵانە لا درێن و جێگا بۆ ئینسانی بە ئەنەرژی بە جێ بێڵن."
وادیارە کاک سەلاح گەلێک ئاگاداری بڕیارەکانی کۆنگرەکانی پێشووی حیزبە، ئێستا کە وایە بفەرمۆی کە ئەو بڕیارە لە کام کۆنگرە دا دراوە؟ بۆ ئاگاداریی بە ڕێزیان ئەو بڕیارە لە یەکێک لە پلینۆمەکانی کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٢ دا دراوە و بڕیاری کۆنگرە نیە.

ئەگەر مروڤ ئەو پاراگرافە دەخۆینێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە بەراستی کاک سەلاح چەندەی لەباران دایە و چەند لە مانای وشان حاڵییە. ناوبراو وشەی "پیر و پاتاڵ" بە کار دێنێ. حەقە مروف لە کاک سەلاح مانای وشەی پاتاڵ بپرسێ. ئەرێ کاک سەلاح دەزانی وشەی پاتاڵ یانی چی؟! ئەگەر مانای ئەو وشەیە دەزانی و بە ئەنقەست نووسیوتە دیارە کە دەبی لە باری پاراستنی نەزاکەتی کەلام دا لە چ ئاستێک دابی. دەنا ئەگەر نای زانی دەبووایە پێش نووسین چووبای لە کەسێکت پرسیبا، رەنگیشە لە لای ئێوە ئەوە عەیب نەبێ و ئێوە گەورە پیاو، ڕیشسپی، کەیخودا و باب و باپیرانتان بە وشەی پاتاڵ و ڕەشە.... بانگ بکەن و لەقەبیان بدەنێ. ئەگەر وابێ، ئیدی من قسەیەکم نیە. بەڕاستی ئەوە ڕاستە کە دەڵێن "تا مرد سخن نگفتە باشد عیب و هنرش نهفتە باشد"

کاک سەلاح هەر لەو پاراگرافەدا بە قەولی فارسان سەنگی تەواوی داناوە و دەنووسێ کە "خەتی خۆار لە بن سەری گای پیر دایە". ئافەرین بۆ کاک سەلاح و فەرهەنگی بەرزی! حەیف نییە مروڤ ئەوەندەی حیزب و ڕێبەرەکانی خۆی خۆش نەوێ؟! بێ شک کاک سەلاح دەبێ ئەوەش بزانێ کە ئەو مەسەلە "ناب"ـەی ئەو، بەشی بەتەمەنی ئەو گرووپە لە ڕێبەرایەتیش دەگرێتەوە، کە ئەو وا ناشیانە دیفاعیان لێدەکا. خۆ خودی بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیش چ جیاوازی‌یەکی تەمەنی ئەوتۆی لە گەڵ ئەو کەسانەی کاک سەلاح ئاوا تەوهینیان پێدەکا، نیە. دیارە ئەوانەی ئێستاش هێندێک کەمتەمەنترن و ئەو شانازیان پێوە دەکات، سبەی پیر دەبن و وەبەر مەسەلەکە دەکەون، کە وابوو ئەوە تەوهینە بە هەموو ڕێبەرایەتیی حیزب و نەک بە چەند کەسی تایبەتی.

کاک سەلاح لە ئاخری نامەکەیدا ئیدی بۆتە مەردی مەیدان و نەسیحەت و ئامۆژگارییەکانی سنوور تێ پەڕ دەکەن لەو جێیەی کە خۆی بە حیزبیی تەواو عەیار و خەڵکانی دیکە بە ناحیزبی و درۆ زن و.... دادەنێ و داوا لە ئەندامانی حیزب دەکات کە گوێ نەدەنە قسەی کەسانی وەک کاک سەباح و وەدوای کەسانی وا نەکەون. بەڕاستی کاک سەلاحی خاوەنڕێز مروف دەبی بۆ جەنابت و ئەو کەسانە کە وەدوای قەزاوەت و لێکدانەوە و بۆچوونەکانی کەسانی وەک تۆ دەکەون، بە داخ بێ و پڕ بە دەڵ لە بەر خودا بپاڕێتەوە کە حیزبێکی خاوەنرابردوو و تێکۆشەری وەک حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لە شەڕی بیری چەوت و ئاژاوەخولقێنانەتان بپارێزێ.
ئەگەر ڕێبەریی ئێستا و حیزب دۆستی وەک جەنابتیان هەبێ ئیدی دوژمنیان بۆ چیە؟

نوورمەمەد ئەلیاسی
سویس
٠٥٠٦٠١